www.kurdistannet.org
9-7-2006 20:24بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تراژیدیای عەشق... سالار جەوهەر

ئەمشەو لەگەڵ وێنەکەتدا خەمی یەکدیمان هەڵئەڕشت
لە نێوانی وێنەو... هەناسەو... سەرنجما
(ژەرنیکایەکم) 1 ئەبینی
من نەمئەوست... تۆ نەتئەویست
بە سوێ وەکو برینی سەدە بەندەکان
بەژان وەکو مەرگی هابیل
گران وەکو کۆچی مەم و
گەرم وەکو ئاهی وەلی و یوسفی دیل
جارجارێکیش تۆ وون ئەبووی
ئەمە
چاوی تاوان... یاسای دیوارو کوشتن بوو
ئەمە
فەنابوونی بەر لەتەمەن جێهێشتن بوو
هەناسەیە کورت وەك چرپە
نزیك هێندەی برۆو پێڵوو لە چاو دووربووی
کەچی گوڵم نەیانئەهێشت بەتۆ بگەم
نەیانئەهێشت نیگای چاوت لە وێنەکتدا هەڵمژم
چ ڕەهێڵەی تەمتوومانێکی نەفرەت بوو؟
ئەمشەو یاشیعرێ ئەمکوژێ
یا خۆم خوێنم لەم ژەرنیکایە ئەرێژم
دەچی ئەبوو؟ زین بۆ مەم و
خەچ بۆ سیامەند... شەم بۆ وەلی
مەرگەوەرو... باوك و برا سەرسەختەکان
کەناری ڕوحی ناسکی عەشقیان ئەدی
ئەمە دوا زەمەنی منەو...
ئەندێشەی عەشقی هەتایی
ئەمە.... گینگڵی پڕ کۆسپی هانای ڕوحمەو
پەیامی سۆزی کۆتایی
چارەنووسێکە ئازیز گیان تاڵە... تاڵ... تاڵ
نایەڵن ژووانەکانمان ببن بە چاوی پەپوولەو
عەشق بە پەلکەزێرینەو،
ووشەکانمان بە گۆرانی
نایەڵن من ببمە شیعرێ بۆت بژیم و
تۆش بۆ ئاسۆی گەش بڕوانی
چارەنووسێکە ئازیز گیان.... نەویست.... نەویست

هەموو ڕێیەك ئەچێتەوە بۆ سەر بانە 2
ئەی بانەی ئێمە گلێنەی
چاوی سووری باوەگوڕگوڕ... یا ئامێزی گۆڕستانە؟؟
چارەنووسێکە ئازیز گیان
چارەنووسێ ڕەش داگەڕاو
خۆم تەنیام و.... سۆزم هەتیوو،
عەشقم کوژراو
مەرج دووڕیانێکی سەختەو
منیش تا دێ خۆشم ئەوێ ی
چونکە گوڵم بۆ ماڵئاوایی نامەوێ ی

چەمچەماڵ 1994
ژەرنیکا. ئەو گوندەبوو کە هەڵگیرسانی یەکەم هەنگاوی جەنگی برا کوژی 1
لە ئیسپانیای بە خۆیەوە بینی و بوو بە تابلۆیەکی (پیکاسۆ) ش
پەندێکی پێشینەی کوردییە 2